ژمارە: ٤٣٢ ڕێكەوت/ ٢٧/ ڕەشەمێ ٢٧١٢ كوردی    ڕێكەوت/ ١٨ / ٣ / ٢٠١٣/ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١ )

**بۆ / گشت وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی نەبەستراو بە وەزارەت** / وەزارەی پلان دانان

**ب/ ڕێنماییەكانی جێ بەجێ كردنی بوودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی /٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە مادده (٤٣)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٣، یاسای بوودجەی هەرێمی كوردستان، و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێم، بڕیاردرا بە دەركردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕوونكردنەوە و چۆنیەتی جێبەجێكردنی یاسای بوودجە، بەمەبەستی پەیڕەوكردن و جێبەجێكردنی لەلایەن دامودەستگاكانی حكومەتی هەرێم.

### ﴿بەشی یەكەم﴾

### ڕێكخەرە پێویستەكانی هەماهەنگی دەسەڵاتی وەزارەتەكان و فەرمانگەكان لە سەر چۆنیەتی بەكارهێنانی داراییە تەرخانكراوەكانی بوودجە

ڕێبەری ژمێریاری بوودجە ( پۆلێنكردنی بوودجە) پشتیبەستووە بە بنەمای شەفافیەت و گشتگیریی و یەكپارچەیی، هەر وەكو چۆن لە یاسای كارگێڕی داراییدا هاتووە و ، لایەنی جۆری دیاریكردوە لە خەرجییە جۆراوجۆرەكان، كە دەشێ یەكەی كارگێڕییەكان كاری پێبكەن، بەڵام یاسای بوودجەی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٣) لایەنی چەندایەتی دیاریكردوە بۆ سامانی گشتی تەرخانكراو ، واتا بڕیار لە سەر سنوری توانای خەرجییەكان (داراییە تەرخانكراوەكان) دەدات، كە كارگێڕی بۆی هەیە لەم چوارچێوەیەدا خەرجیبكات لە ماوەی ساڵێكی داراییدا.

بەستنەوەی فەرمانگەكانی دەوڵەت بە قەبارەی خەرجییەكان لە چوارچێوەی بوارەكانی خەرجكردنی تەرخانكراوەكانی دانراو لە بوودجەدا، بە یەكێك لە فاكتەرە سەرەكییەكانی پلانی دارایی دروست و كارگێڕی باش لە دەوڵەت دادەنرێت، هەروەها وەستان لە خەرجكردن دەبێتە هۆی خستنە ئەستۆی ئەو گوژمەیەی كە لەم ساڵەدا خەرجنەكراوە بۆ سەر بوودجەی ساڵی دواتر، هەر بۆیە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەی كە پێشكەشكرا، پێویستە لە سەر وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت، ئەم داتا داراییانەی خوارەوە، پێشكەش بە وەزارەتی دارایی بكەن:-

١- تەرازوی پێداچوونەوە (میزان المراجعة):-

تیایدا دیاریدەکرێت بڕی ئەو گوژمەیەی کە یەکەی کارگێڕییەکان وەریانگرتووە لە وەزارەتی دارایی (فەرمانگەی ژمێرکاری) کە خۆی لە داراییە تەرخانکراوەکانی بوودجە دەبینێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو گوژمانەی کە خەرجکراوە لە تەرخانکراوەکەدا و، بەیانکردنی بواری خەرجکردنەکانیش لە ڕێگای ڕاپۆرتێکەوە کە تیایدا ڕوونبکرێتەوە دانەدانەی ئەو خەرجیانە، بە ژمارە و بە جۆر، بە شێوەیەك ئەم تەرازوە وێنەیەکی ڕوون بەدەستەوە بدات لەسەر ئەو کارانەی کە یەکەکارگێرییەکان لە ماوەی مانگێکی ڕۆیشتوو پێیهەڵساون سەبارەت بە خەرجییە فعلیەکان و بوارە خەرجکراوەکانی یاخود داهاتەکان بەپێی سەرچاوەی کۆکردنەوەیان، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بڕەی کە پێویستە لە سیولەی نەختینەیی کە پلانی مانگی دواتر پێویستی پێیەتی و، ناردنی تەرازوی پێداچوونەوە لەگەڵ ڕاپۆرتەکە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری - فەرمانگەی ژمێرکاری لە وادەیەك کە لە (١٠) ڕۆژ تێپەر نەکات لە دوای تەواوبوونی هەر مانگێك.

٢- بوودجەی نەختینەیی ( الموازنة النقدية):-

هەموو فەرمانگەکان پابەندن بە ڕێکخستنی بوودجەی نەختینەیی مانگانەی کردەیی بۆ خەرجییەکان و داهاتەکانی نەختینەیی کە لە ماوەی مانگێکدا کۆکراوەتەوە، بەمەرجێك ئەم بوودجەیە هەڵقولانی (تدفقات) نەختیینەیی لە ژمێریارییە نێوکارەکانیش (الحسابات الوسيطة) لە خۆوە بگرێت، کە بریتییە لە ( پێشینەکان و سپاردەکان)، هەروەها لەگەڵ لە خۆگرتنی ئەو گوژمانەی کە لە قەرزدەرەکان و قەرزارەکان و هەموو کارێکی ژمێریاری پەیوەندار بە لایەنی دارایی و ژمێریاری. ئەمەش بۆ بەیانکردنی هەڵوێستی سیولەی نەختینەیە لە ڕووی کات و گوژمەی پێویست، بەمەرجێك ئەمەش پاڵپشتی بکرێت بە ڕاپۆرتێك کە هەموو جولانەوەکانی ژمێریاری تیایدا ڕوونکرابێتەوە لە ماوەی مانگێکی دیاریکراو و بە کەلێشەیەکی یەکخراو کە لەلایەن وەزارەتی دارایی - فەرمانگەی ژمێرکاری پەسندکرابێت و، لەسەر هەهەموو وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و پارێزگاکان و ئەنجومەنی پارێزگاکانە پابەندبن پێوەی.

٣- أ - داهاتەکان:-

یەکەم/ پێویستە گشت داهاتەکان لە نێویشیدا بەخشینەکان و یارمەتی و باربووەکان و قەرزە جۆراوجۆرەکان، بە داهات تۆمار بکرێن لە ژمێریەکانی تایبەت بەمەو، ناکرێت بەشێك لە خەرجییەکان یاخود هەمووی بهێنرێتە خوارێ لە دهاتەکەدا و ئەوەی دەمینێتەوە تۆماربکرێت، بەڵکو پێویستە گشت داهاتەکانی سەرچاوە جیاوازەکان بسپێردرێن بە ژمێرەی ئەو فەرمانگەیەی کە لە بانکێکی